# شاندێکی حزبی رزگاری سەردانی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی ی نیشتمانی ی دەکات



کاتژمێر 10.30ی رۆژی 4-5-2009 هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب بە یاوەری هەڤاڵان هەژار زراری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکان ، ئاری حوسێن راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن سەردانی مەڵبەندی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد، لەلایەن بەڕێزان مامۆستا بەکرد بەپرسی مەڵبەند، دکتۆر مەجیدو موحسین بایز کارگێڕانی مەڵبەندەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و ناوچەکە کرا.

لە تەوەرێکی دیدارەکەدا باس لە دەستکەوتەکانی راپەڕین کرایەوە، هیوایان خواست کە ئەمساڵ بە شیوازێکی هاوچەرخانەو پڕ شکۆوە یادی راپەڕین بکرێتەوە.

لە تەوەرێکی دیکەدا تیشک خرایە سەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان کە بڕیاروایە ئەمساڵ بەڕێوە بچێ، هەردوولایەن جەختیان لەسەر گرنگی هەڵبژاردنەکان و چۆنێتی بەشداریکردنی هێزەکان و خەڵکی کوردستان کردەوە.

ئەمەو دیدارەکە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، هەردوولایان جەختیان لەسەر ئەو جۆرە دیدارو کۆبوونەوانە کردەوەو هیوایان خواست کە پیوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان گەشەی زیاتری پێبدرێ، هاوهەنگی و یەکرێزی لەنێوانیاندا درێژەی پێبدرێ.

# سکرتێری حزب پێشوازی لە شاندێکی دیموکراسیخوازان دەکات



کاتژمێر10ی رۆژی 2-3-2009 شاندێکی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان کاک شوکروڵلا حەمەدەمین، جێگری سکرتێرو کاک چەتۆ بەڕانەتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لەشاری هەولێر سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانیان کرد، لەلایەن بەڕێزان رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، هەژار زراری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، حوسێن حەسەن ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن، سەرنووسەری هەفتەنامەی رۆژی گەل و حەکیم عەلی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، لە دیدارێکی برایانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان، بەتایبەتیش خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کرا، هەردوولایەن هاوڕابوون کە دەبێ کاری شێلگیرانە بۆ فرەلیستی و فرە رەنگی لە هەڵبژاردنەکاندا بکرێ، کۆبوونەوەی لایەنە هاوڕامانەکانیان لە لیستێکی هاوبەشدا بە کارێکی ئەرێنی داناو هیوایان خواست کوردستانان بەرەو هەڵبژاردنەکان بڕۆن. لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا شاندەکەی دیموکراسیخوازان باسیان لەو هەوڵانە کرد کە بەمەبەستی رێکخستنەوەی نێو ماڵی دیموکراسیخوازان بەڕێوەدەچن، رێکار ئەحمەد بەناوی حزبی رزگاریەوە دەستخۆشی لێکردن و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن، جەختی کردەوە کە یەکخستنەوەی هەردوو باڵەکەی دیموکراسیخوازان سوود بە دیموکراسیخوازان دەگەیەنێ و لەبەرژەوەندی رەوشی سیاسی کوردستان دایە.

# شاندێکی کۆمەڵە سەردانی حزبی رزگاری دەکات



کاتژمێر 10ی رۆژی 18-2-2009 شاندێکی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان هاوڕی رەزا کەعبی جێگری سکرتێرو هاوڕی نەویدی میهرئاوەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پەیوەندیەکان ، لە شاری هەولێر سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەژار زراری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پەیوەندیەکان و هەڤاڵ حوسێن حەسەن ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن و حەکیم عەلی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی بە گەرمی پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لەدیدارێکی برایانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و ناوچەکە کرا، هەردوولا جەختیان لەسەر قولکردنەوەی پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کردەوەو ئەوەشیان بە هەنگاوێکی گرنگ و پێویست بۆ تەبایی و هاوهەنگی و یەکرێزی کوردستانیان لێکدایەوە، هیواشیان خواست کە ئەو جۆرە سەردان و دیدارانە درێژەیان پێبدرێ.

# لەسەردانێکیدا بۆ ئەڵمانیاو سویسرا، هەڤاڵ سکرتێری حزب لەگەڵ ئەندامان کۆدەبێتەوە

رۆژی 23-2-2009 هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری حزب سەردانی ئەڵمانیای کرد، لە شاری فرانکفۆرت لەلایەن چەند ئەندامێکی حزبی رزگاریی کوردستانەوە پێشوازی لێکرا، دواتر لە کۆبوونەوەیەکدا باسیان لە رەوشی ناوخۆی حزب و باشووری کوردستان کرد، هەر لەدرێژەی سەردانەکەیدا بۆ ئەورووپا رۆژی 24ی شوبات هەڤاڵ رێکار سەردانی سویسرای کرد، لە شاری بازل لەگەڵ بەرپرس و ژمارەیەک لە ئەندامانی رێکخستنەکانی حزب لە سویسرا کۆبۆوە، لەودیدارەشدا باس لە رەوشی ناوخۆی حزب و باشوری کوردستان کرا، هەر لە سویسرا هەڤاڵ رێکار لەگەڵ چەند کەسایەتێکی کوردستانی کۆبوە.

جێگەی ئاماژەیە کە هەڤالانی حزب لە ئەڵمانیاو سویسرا باسیان لەو دیدارانە کرد کە لەگەڵ رێکخراو و پارتەکانی ئەو وڵاتانە دا ئەنجام دراون، هیواشیان خواست کە لە داهاتوودا شاندێکی سەرکردایەتی بە فەرمی سەردانی ئەو وڵاتانە بکات و لەگەڵ رێکخراوو پارتانە دۆستەکاندا کۆبێتەوە. هەڤاڵ رێکار ئەحمەد بەڵێنێ پێدان کە لە داهاتوێکی نزیکدا ئەو خواستە جێبەجێ دەکرێ و شاندێکی سەرکردایەتی سەردانیان دەکات.

پاشماوەی لاپەڕە 1

# دەقی وتەی کۆتایی هەفتە رۆشنبیرییەکەیە

**وەرن با کار بۆ سەربەخۆیی بکەین**

راگەیاندنی کەمپینی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان

بەڕێزان سڵاوی سەربەخۆیی و ئازادیتان لێبێت

هەفتەی رۆشنبیری (ئێمە و ئەوان.. پێکەوە ژیان یان جیابوونەوە) کۆتایی هات کە لە 2/22 تا 2/28 درێژەی کێشا.. لەوتاری کردنەوەی هەفتەکەدا وتمان "دەمانەوێت لەرێگەی گفتوگۆیەکی لەم جۆرەوە لەرێگەی لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی و مێژووییەوە بزانین ئێمە و ئەوان پێکەوە دەتوانین بژین یان جیا بینەوە، ئایا ئاڵۆزی کێشەکانی نێوان ئێمە و ئەوان کە هەمان کێشە تەقلیدییەکانی جارانە بەرەو کوێمان دەبەن؟

لەرێگەی زنجیرە کۆڕەکانەوە کە دەنگی جیاواز جیاواز بەشداریان تیا کرد و لەرێگەی موداخەلەی ئامادەبووان کە زۆر ئاستێکی بەرزی هەبووە> ئەو راستیە ئاشکرا بوو کە هەمووان چارەسەری ریشەیی لەسەربەخۆیی کوردستان یان نەمانی ئەم پێکهاتەیەی کیانی دروستکراوی عێراق دەبیننەوە، بەلام لەلایەن هەندێ بەڕێزەوە چ ئامادەبووان چ خاوەن کۆڕەکان باسی هەندێ ئاستەنگی و کۆسپ و فۆرت کرا لەبەردەم بەرنامەی سەربەخۆیی کوردستان، کە زۆربەیان فاکتەری ناوخۆیی بەپلەی یەکەم پاشان فاکتەری دەرەکی. ئەم کۆسپانە وەک خۆیان دەمێننەوە گەر کار بۆ لابردنیان نەکەین، وەرن با کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەین، سەربەخۆیی کوردستان گەر قورسیش بێت خەیاڵ نیە، فیدرالی گەر لەدەستوریشدا هەبێت خەیاڵە و متمانەش لەسەر دەستوور ناکرێت، ئارامی سیاسی هەر سەربەخۆیی کوردستانە و رێگە چارەی تر نییە.

لێرەوە رۆژی 2009/3/1 رۆژی راگەیاندنی کەمپینی "بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان" ە کە کەمپینێکی سەربەخۆ و فرەڕەنگە و جێگای هەموو بۆچوونێکی جیاجیا تیا دەبێتەوە و خاڵی هاوبەش "سەربەخۆیی کوردستان" دەبێت، وشە "کار" مانای جولە و چالاکی، بۆیە دەبێ کەمپینێکی ئەکتەیڤ بێت و راستەوخۆ لەشەقامەوە بەرنامەکانی ئاراستە بکات، ئومێدیشمان زۆر و بڕواشمان بە توانای مرۆڤ هەیە کە بتوانێ خۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکات نەک ئەوانی تر، ئەمەش تەنیا دروشم بازی نیە عێراق مرۆڤ دروستی کرد و مرۆڤیش دەتوانێ بیروخێنێ، مرۆڤ تاکە عامیلی ئیجابیە لە سروشتدا و لەم پرۆسەیەشدا پشوودرێژ و بەردەوامی پێویستە لەسەرو هەمووشیەوە عەشق، عەشق بۆ گۆڕان، بۆ سەربەخۆیی کوردستان، شەوگار چەند درێژ بێت رۆژ هەر ئەبێتەوە، رێگەی سەربەخۆیی چەند درێژ بێت هەر ئەبڕێتەوە

**بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

**بەڵێ بۆ رزگار بوون لە زیندانی عێراق**

**بەڵێ بۆ ئیرادەی گۆڕان**

# بەر بەدیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بگرن

**بۆ رای گشتی وڵاتانی ئەوروپا**

**بۆ رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی پەنابەران**

لاتان شاراوە نیە کە بە درێژایی چل ساڵی رابردوو، خەڵکی باشووری کوردستان بە تایبەتی و و خەڵکی عێراق بە گشتی لە خۆڕاوە سەری خۆیان بۆ هەندەران هەڵنەگرتووە، لەلایەکەوە بەهۆی ئەوەی کە حزبی بەعس بە درێژایی 35 ساڵ زۆر رەگەزپەرستانەو دیکتاتۆرانە فەرمانڕەوایەتی عێراقی کرد، بەوهۆیەشەوە سەدان هەزار کەس لە زێدو نیشتمانی خۆیان راونران، بە ناچاریەوە بەرەو هەندەران رۆیشتن، لەلایەکی دیکەشەوە لە نیسانی 2003، لە دوای رووخانی رژێمی بەعس تا ئێستا، بەهۆی شەڕی تایفی و هەرەشەو کردەوە تیرۆریستیەکانەوە بە سەدان هەزار کەسی دیکەش ناچار بوونە کە سەری خۆیان هەڵبگرن و بە دوای ژیانێکی هێمن و ئارام دا بگەڕێن، بەو ئاواتەشەوە روویان لە وڵاتانی ئەوروپا کردووە، بەڵام مخابن هەناسە سارد کراونەتەوە، ئێستا بەبیانوی باشبوونی رەوشی ئاسایشی عێراق، ژمارەیەک لە حکومەتەکانی ئەوروپا گوشارەکانیان لەسەر پەنابەران چڕکردۆتەوەو دەیانەوێ بە زۆرەکی دیپۆرتیان بکەنەوە، هەروەها بەمەبەستی رەوایەتیدان بە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران، چەندین رێککەوتنیان لەگەڵ حکومەتی بەغداد مۆرکردووە، هەرچەندە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیاندنەکانیدا پێشوازی لە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران ناکات، بەڵام دیسانەوە بە گوێرەی هەواڵەکان ئەوانیش لەگەڵ ژمارەیەک وڵاتی ئەوروپا رێککەوتوون و لاریان لە ناردنەوەی پەنابەران نیە، ئەمەش پەنابەران و بنەماڵەکانیانی نیگەران و هەراسان کردووە، لەو پێوەندەدا، ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا بە لەبەرچاوگرتنی رەوشی نائارامی عێراق و لە سۆنگەی باوەڕبوونمان بە مافەکانی پەنابەران، شاڵاوی دەستگیرکردنی پەنابەران و دیپۆرتکردنەوەیان ریسوا دەکەین، داوا لە رای گشتی وڵاتانی ئەوروپا و رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ دەکەین کە پشتیوانی لە پەنابەران بکەن و بەر بەدیپۆرتکردنەوەیان بگرن.

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی رزگاریی کوردستان**

2009-03-04

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.